# صەبر گرتن و بەسەرهاتەکەی عروەی کوری زوبەیر

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**سەرباز محمد**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# حادثة عروة بن الزبير والصبر على البلاء

« باللغة الكردية »

سرباز محمد

2013 - 1434

IslamHouse.com

# صەبر گرتن و بەسەرهاتەکەی عروەی کوری زوبەیر

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

مەنهەجی صەحابەی کیرام و تابیعیەکان و شوین کەوتەی ئەوان مەنهەجێك بوە(وەرکرتن بۆ جێبەجێکردن) ئەوەشە مەفهومی سەلەفیەت ژیان لەگەل دەقەکان دەقی کیتاب و سوننە.

(عروە) کوڕی (زوبەیری کوری عەوامە) ( زوبەیر ) کورە (پلکی: پوری) پێغەمبەری خوایە (صلی اللە علیە وسلم) دایکی ناوی (ئەسما) ی کچی ئەبو بەکری صدیقە رەزاو رەحمەتی خوایان لێبێ.

(عروە) نمونەی زانایایەکی پرعیلم و پر عەمەل بوە، ئاخر بەسە بۆی کە قوتابی دایکی برواداران بوە سەیدە (عائیشە) کەدەکا (پلکی: پوری) واتە خوشکی دایکی.

خەلیفە (وەلیدی کوری عبدالملك) عروەی کوری زوبەیری زۆر خۆش ویستوە بۆیە داوای لێدەکات سەردانی بکات بەسەفەر بێتە شام.

عروە داواکاریەکەی خەلیفە قبوڵ دەکاو کورێکی لەگەل خۆی دەبا لەگەل چەند کەسێکی تر و دەکەونە ڕێ بەرەو شام.

کەدەگەنە **(وادی القری)** (وادی القری دۆڵێکە دەکەوێتە سەر ڕێی شام لە مەدینەوە) برینێك دەکەوێتە قاچی عروە ڕەزای خوای لەسەر بێ دوای چەند رۆژێك لەسەفەرەکە عروە ناتوانی برواو بەدەست هەلی دەگرن کە دەگاتە شام بەتەواوی لەپێ دەکەوێ.

خەلیفە وەلیدی کوری عبدالملك کە بەو حاڵە عروە دەبینێ خەم دەیگرێ و بەدوای دکتۆرەکان دەنێرێ بۆ چارەی قاچی (عروە).

دکتۆرەکان کە سەیری قاچی عروە دەکەن بەکۆرای دەنگ دەڵێن:

ئەو برینەی کەوتۆتە قاچی عروە ناوی **(الآكِلَةُ)** ( الآكلة : برینێکە توشی دەستو قاچ دەبێ خوێن ووشک دەکاتەوەو ئەو شوێنەی توشی ئەو نەخۆشییە دەبێت ئەگەر نەبردرێتەوە

هەڵدەکشێ و کەسی توش بوو دەکوژێ بەو نەخۆشیە دەگوترێ (الغنغرینا ) بۆیە عروە هیچ چارەی نیە تەنها بڕینەوە نەبێ وەئەگەر بێت و زوو قاچی نەبڕدرێتەوە ئەوا هەموو گیانی دەگرێتەوەو دەیکوژێت.

خەلیفە خەمێکی زۆر دایدەگرێ بریاری دکتۆرەکان بە میوانە خۆشەویستەکەی رادەگەیەنێ.

عروە تەسلیم بەقەدەری خوای گەورە دەبێت و ئامادەیە قاچی ببڕنەوە.

تا ئیرەی ئەو بەسەر هاتە سەرنجی راکیشام بەڵام شێوازی برینەوەی قاچەکەی ئەوە بەراستی جێی سەرسورمانە و هەر ئەوەندە دەڵێم :

(رەزاو رەحمەتی خوا لەصەحابەی کیرام و تابعی و شوین کەوتەی تابعیەکان بێ و سەلەفی ئەو ئومەتەبێ خوایە شایەد بە ئەو کەسانەمان خۆش دەوێ کە صەحابەو سەلەفی صالحیان خۆش دەوێ و رقمان لەو کەسانەیە کە رقیان لەصەحابەو سەلەفی صالحە).

دکتۆرەکان داوا لە عروە دەکەن دەبێت شتێکی هۆش بەر بخواتەوە تاوەکو ئاگای لەخۆ نەمێنێ وهەست بەئازاری بڕینەوەی قاچی نەکات.

بەڵام وەڵامی عروە ئەوەیە:

(پەنا ناباتە بەر ئامرازێکی حەرام بۆ لابردنی تاقی کردنەوەیەك کە بەسەری هاتوە)

بۆیە دەڵێت : من شتێك ناخۆمەوە بێهۆشم کات بەڵام نوێژ دەکەم لەکاتی نویژ کردنەکە قاچم ببرنەوە.

عروە رەزای خوای لەسەربێ کە نوێژی دەکرد ئاگای لەو دونیایە نەدەما هەروەکو (عبداللە کوری زوبەیری) براکەشی بەهەمان شێوە کەنوێژیان دەکرد ئاگایان لە دونیا نەدەما و دەچونە ئەو دونیا.

دەستدەکەن بەبرینەوە قاچی لەسەروی گۆزینگ و خوارەوەی چۆکی سەرەتا گۆشتەکە دەبرنەوە دواتر مشار دەهێنن و ئیسکەکەش دەبرنەوە بێ ئەوەی عروە نوێژەکەی بەتاڵ کات.

ئالەو کاتەی خەریکی ئەو نەشتەر گەریە گەورەیەن ئەو کورەی عروە کەلەگەلی بوو لەسەفەرەکەدا دەگەویتە بەر لوشکەی بارگینیێك و هەر لەو شوێنە گیانی دەردەچیّ .

دوای تەواو بونی نەشتەرگەریەکە(رۆنی داغ)دەهێنن و برینەکەی عروەی پێ داخ دەکەن بۆ وەستانی خوێنەکە.

ئینجا عروە قاچەکەی خۆی دەبینیّ لەنێو تەشتیکداو بەقاچەکەی دەلیّ : (إِنَّ اللهَ يَعْلَمُ أَنِّي مَا مَشَيْتُ بِكِ إِلَى مَعْصِيَةٍ قَطُّ)واتە : خوا دەزانی بەتۆ هیچ تاوانێکم ئەنجام نەداوە ، ئینجا هەواڵی ئەوەشی دەدەنیّ کە:

(کورەکەی بەروداوێك کوژرا)

ئەویش دەست بەدوعاو پارانەوە دەکاو حەمد و سوپاسی خوا دەکا و دەفەرمویت: « اللَّهُمَّ كَانَ لِي بَنُوْنَ سَبْعَةٌ، فَأَخَذْتَ وَاحِداً أَبْقَيْتَ لِي سِتَّةً. وَكَانَ لِي أَطْرَافٌ أَرْبَعَةٌ، فَأَخَذْتَ طَرَفاً وَأَبْقَيْتَ ثَلاَثَةً، وَلَئِنْ ابْتَلَيْتَ لَقَدْ عَافَيْتَ، وَلَئِنْ أَخَذْتَ لَقَدْ أَبْقَيْتَ » واتە : خوایە حەوت کورم هەبوو یەکێکیانت بردەوە شەشت بۆ بەجێهێشتم لە دوو دەست و دوو قاچیش یەکیکت بردوو (سیّ) ت بۆ بەجێهێشتوم .

ئەوانە سەلەفی صالحن ئەوەی (نایاننانسێت)

ئێمەش دەڵێین: (خوایە سەلەفی صالحمان خۆش دەوێ و ڕقمان لەهەر کەسێکە ڕقی لەسەلەفی صاڵحە یان دژایەتی مەنهەجەکەیان داکا خوایە لەگەل سەلەفی صالح و لەژێر رایەتی ئەوان حەشرمان بکە اللهم ئامین).